# نا بۆ توندوتیژی دژ بەژنان!

بەبۆنەی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی نێونەتەوەیی بنبڕکردنی تۆندو تیژی دژ بەژنان، ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ، دەنگی خۆی دەخاتەپاڵ هەموو ئەودەنگانەی کە دژ بەشێوازە جۆراوجۆرەکانی توندو تیژی لەهەموو بوارەکاندا خەبات دەکەن و بێزاری خۆیان دەردەبڕن.

هەموو ئەو دەنگانەی لە زیندانییە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامیەوە هەوڵی خەباتی یەکسانی دەدەن، بەتایبەت ژنەکوردەکان کەبەئاشکرا بارێکی قورستری توندو تیژی یاسائیان لەسەر شانە.

دەنگی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لەناوەوەی وڵات سەرەڕای هەموو مەترسیەکانی بەرنگاربوونەی دەسەڵاتی سەرکوتکەرو کۆمەڵگەی پیاوسالار، بەردەوام دژی توندو تیژی دەوڵەت، یاساو کۆمەڵگەو تاکەکان لەسەر ژنان تێدەکۆشن و ناسرەون.

دەنگی هەموو ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات کە بۆ بنبڕکردنی تۆندو تیژی دژی ژنان لەوڵات و لەدیازپۆرا، هەوڵ دەدەن.

دەنگی هەموو ئەو تاکانەی کەلەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات بەرپرسانە بەشێوەی جۆراجۆر هەوڵ دەدەن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لەتوندو تیژی و ستەمی جنسی.

دەنگی هەموو ئەو دایک و بابانەی بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێ خۆیان لەبەرهەمهێنانەوەی لایەنە دزێوەکانی نەریتی زاڵی باوکسالارانە دەپارێزن و لەدژ نەریتی توندو تیژی و، بەتایبەت توندوتیژی جنسی، ڕادەوەستن و بەرەنگاری داب و نەریتی کۆمەڵگەی پیاوسالار دەبن.

ئەم دەنگانەن کەبەبێدەنگ نەبوونیان شەرعیەتی توندوتیژی کولتوری، ئایینی، یاسایی، بنەماڵەیی و تاکەکەسی دەبەنە ژێر پرسیارو خەبات بۆ ئاڵوو گۆر دەکەن.

ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد - مافی مرۆڤ

٢٥ نوامبری ٢٠١٠